# ساڵیادی ڕاپەڕین وکورتەیەک لەسەر چەند ئاقارێکی بنەڕەتی و شاراوەی ڕاپەڕینی جەماوەری بەهاری 1991 لە کوردستاندا

مقداد هادی
awat39@hotmail.com
4.3.2007

کاتێک ئێراق پلانی داگیرکردنی کوەیتی دائەڕشت، پێویستیەکی زۆری بە هێزی سەربازی هەبوو بۆ ئەم مەبەستە سەراپای کۆمەڵگەی ئێراقی میلیتاریزە کردبوو، تەنانەت خوێندنگاکانیشی وەک سەربازخانەیەک لێکردبوو. ئەمە وایپێویست ئەکرد کە فشارێکی لەڕادەبەدەر بخاتە سەرخەڵکی و هەموو دەنگێکی ناڕازی لە ناوخۆدا کپبکات . ئەویش بەگرتن ، زیندانیکردن ، تۆقاندن وکوشتن .

یەکێک لەهەرە تایبەتمەندیە زەق و بەرچاوەکانی ڕژێمی بەعس ئەوەبوو کە ئەو ڕژێمە لە بنچینەداو بەهزرو ڕەفتار دەسەلاتێکی خوێنمژی دڕندە بوو . ئەمە وایلێکردبوو کە هەرگیزاو هەرگیز سڵی نەدەکردەوە لە کوشتن وداپڵۆسین و وێرانکردن، سەرباری ئەوەش گێرانی جەنگێکی لەوجۆرە ،سەرکوتکردن وتۆقاندنی گەورەترو بێسنوری پێویست بوو لە ناوخۆدا.

ئەوکات کوردستان لە لایەن دەسەلات و دەوڵەتی بەعسەوە کرابوو بە دووبەشەوە، بەشێکیان پێی ئەوترا ناوچە قەدەغەکراوەکان (مناطق محرمە) کە جگە لە دامودەزگاکانی بەعس ، وەکو سوپاو دەزگائەمنییەکان کەسی دیکە نەیئەتوانی پێیدا هاتوچۆبکات . ئەو کەسەی خۆی لەو ناوچانە بدایە وەک ئەوە وابوو کە یاری بەئاگربکات و چەقۆی تیژ لەمل بسوێت . ئەم ناوچە قەدەغەکراوانە پانتاییەکەی زۆر لەوە زیاتربوو کەناوچەی محرەمە نەبوو.

هەموو ئەو خەڵکەی ئەوکات لە کوردستاندا بوو لە شارەگەورەکانی وەک هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک وە هەروەها چەندین شارۆچکەو ئۆردوگای زۆرەملێدا کۆکرابونەوە. کاروکاسبی بەجگار کەم بوو، ژمارەیەکی بێئەندازەو زۆر لە خەڵکی بەتایبەت گەنجان خرابونە ناو ڕیزەکانی سوپا، جەیشی شەعبی وە فەوجەکانی دفاع وەتەنی و جاش. دەزگاجاسوسیەکانی ڕژێم ژیانی ڕۆژانەیان لە خەڵکی هەراسان وتاڵ کردبوو تەنانەت کەس لە ماڵی خۆیدا بە ئارامی نەئەحەوایەوە. ترسوتۆقاندنیان کردبوو بە بەشێکی گەورە لە ژیانی خەڵک. هەموو دەنگ هەڵبڕینێک بەڕووی ڕژێمدا بە زیندان و ئاگووباروت وەڵام ئەدرایەوە . تەنها یەک دەنگ و گۆرانی یاساغ نەبوو ئەویش ئەودەنگ و گۆرانیانەبوون کەستایش و ڕیاییان بۆ سەرۆکی فەرماندەیان ئەکرد.

ئەوکات لە ئێراقدا بەهۆی شەڕو گەمارۆی ئابوری نێودەوڵەتی گرانییەکی لەڕادەبەدەر پەیدابوو، نرخی کەلوپەلوکاڵا هەرڕۆژ ڕوولەزیادبوون بوو، نرخی دراوی ئێراقی هەمیشە دائەبەزی و پێویستییە هەنوکەییەکان، وەک نان و خواردەمەنی وە دەرمان بە ئەستەم و بە نرخێکی زۆر گران چنگی خەڵکی ئەکەوتن.

ئالەوکاتەدا چەپەکانی کوردستان بە هەموو باڵە جیاوازەکانیانەوە، لەلایەک پلانی هوشیاری و ڕاپەڕینی جەماوەری، وە لەلایەکی ترەوە پلانی ڕوخان و هەڵمالینی دەسەلاتی ڕژێمیان لە کوردستاندا دائەڕشت . ئەوان لەگەڵ جەماوەری ناڕازی وشۆڕشگێر لایەنی بەهێزی تێکۆشان و ڕێکخراوی ناو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوون لەو سەردەمەدا. وەک هێزێکی مرۆیی ڕێکخراو قارەمانانە شەوڕۆژیان دەنایە سەریەک بۆ هاندان و بەئاگاهێنانەوەی جەماوەری

کوردستان بۆ ڕاپەڕین . لەم بوارەدا پشتیان بە زەخیرەی کاری لەمێژینەیان دەبەست ، چونکە لەمێژبووکاری ڕێکخستن وهۆشیاری جەماوەریان دەکرد وە هەروەها لەهیچ مەیدانێکدا بۆ هیچکام لەسیاسەتەکانی ڕژێم چۆکیان دانەئەدا. ئەوان هەر لە نیوەی دووەمی ساڵەکانی حەفتاوە و بەردەوام و بە پێچەوانەی هێزە سونەتیی و باوەکانی کوردستان هیچ خۆشباوەڕییەکیان بە سیاسەتەکانی ڕژێم نەبوو وە خەڵکیان لە پلان ومەرامە گڵاوەکانی ڕژێم ئاگادارئەکردەوە.

ئەوەی کە چەپەکان لە کوردستاندا بەشێکی گەورەی داینەمۆی ڕاپەڕین بوون ، جگە لە چەند ئاماژەیەکی کەمی ڕاستگۆیانە(لەوانە نوسینێکی نوسەر پشکۆ نەجمەدین ) ،دەمێکە پشتگوێ ئەخرێت و بە دەستی ئەنقەست لێرەولەوێ خۆڵی بەسەردائەکرێت . هەرکەس ئەیەوێت بە ئەمانەتەوە بگەڕێت ولێکۆڵینەوە لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە بکات ، لەلایەک شایەتیدانی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لە شاروشارۆچکەکاندا دەتوانێت بکاتە سەنەدی ئەم ڕاستیە .بەڵام لەلایەکی ترەوە ، بەڵگەی تر زۆرن کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە ئەسەلمێنن ، لەوانەش هەر لەو سەردەمەداو لە یەکەم ڕۆژەکانی داگیرکردنی کوەیتدا، بە هۆی چالاکی فراوانی ڕێکخراوە چەپەکانەوە ،کەتوانیان یەکەم بەیاننامە و بڵاوکراوە بۆ ڕاپەڕین و هاندانی خەڵک دەربکەن و بڵاویبکەنەوە بە زۆربەی شوێنە گشتیەکاندا لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان و تەنانەت ئێراقدا. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە ڕژێمی بەعس توانی شوێن پێی ژمارەیەکی بەرچاو لە چەپە شۆڕشگێڕو کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمە بگرێت و دەستگیریان بکات . دەرەنجام ئەوەبوو ئەمنەسورەکەی سلێمانی ئاخنی بە شۆڕشگێڕانی چەپ و ئازادیخواز کە ژمارەیان لە نیوەی زیاتری هەموو زیندانیەکان بوو کە خۆی ئەدا لە سەدوبیست کەس .

هەڵبەتە،گرتن وزیندانیکردنی ژمارەیەکی وەها زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوە چەپەکان لەلایەن ڕژێمەوە لەوسەردەمەدا، لەلایەک دڕندەیی و دیکتاتۆریەتی ڕژێمی دەرئەخست و بەمەبەستی پەکخستن و ئیفلیج بوونی کاری سیاسی ئەوان بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەوە ،نیشانەی گەورەبونەوەی پانتایی چالاکی ڕیکخراوەیی وجەماوەری چەپ بوو لە مەیدانی سیاسی لەناو جەماوەری کوردستاندا. کە ئەو سەردەمە و بەتایبەت دوای ئەنفالەکان و بە پێی هەلومەرجێکی دیاریکراو،کاری سیاسی کارێکی گەلێک دژوار و دانسقە بوو.

بیست ڕۆژ پێش ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان . لەناو هۆڵ و ژووره تاریکەکانی زیندانیشدا ، وەک زیندانییەکی تێکۆشەرو چەپ، وە هەروەها وەک سیاسییەکی چالاک وجەزرەبە وە بەدەستپێشخەری و لێهاتوویی ئەوان و بە بەشداری شەستوچوار کەس لە زیندانییانی خۆڕاگر ، توانیان لەڕۆژی 17.2.1991 بۆیەکەم جار لە مێژووی ئەو زیندانە سامناک ونگریسەدا، بەشداری و ڕابەری فراوانترین مانگرتن و بەرخۆدان بکەن لە ناو ژوورەتاریک و سامناکەکانی ئەمنەسورەکەدا.

زیندانیانی مانگرتووتوڕە کە مەترسی ڕاستەوخۆی ئەوەیان لەسەر بوو هەر لەوێدا گوللەباران بکرێن ،بەڵام ئەوان بێباکانەو بێترس لە مردن ، ڕوبەڕوی سەرانی ئەشکەنجەو تۆقاندن (لەوانە مدیری ئەمنی سلیمانی لەوکاتەدا)، ئەو مانگرتنە مێژووییەیان وەک یەکەم گورزی پێش ڕاپەڕینی بەهاری 91 ڕوبەڕوی ترسناکترین دەزگای ڕژێم ، بەسەرکەوتنێکی بێهاوتا بەسەر ڕژێمدا تۆمارکرد و تەواوی ئەوەی داواکاری بوون لەومانگرتنەدا، بەدەستیان هێناو نیشانیاندا کە بەهێزی یەکگرتویان دەتوانن دڕندەترین دەزگای ڕژێم بە چۆکدابهێنن.

ئەوکادره تێکۆشەرانەی کە دەستگیر نەکرابوون و تەواوی ئەوانەش کە بەردەوام لەناو جەماوەردا و لەژێرباری سەخترین گوشاری ئەمنیدا درێژەیان بە خەباتی سیاسی و جەماوەری

خۆیان ئەدا. تەنانەت توانیان لە مانگی یەکی ساڵی 1991 زۆرترین ژمارە لە بەیاننامەو بڵاوکراوە پەخشبکەن لە ناو خەڵکی کوردستاندا. وە هەروەها توانیان پەیوەندی و ڕایەڵێکی بەرفراوان بۆ ڕاپەڕین لەناو خەڵکدا مەیسەربکەن .
چەپەکان لە پەیداکردنی چەکوتەقەمەنی و پێویستی و پلانی راپەڕینی چەکدارانەدا دەستپێشخەربوون ، چەندین پارچە چەکیان لێرەو لەوێ پەیداکرد. لەبەرەبەیانی ڕۆژەکانی ڕاپەڕیندا، بێترس و دوڵی لە ڕیزی پێشەوەی خەڵکی ڕاپەڕیوداو شانبەشانی ئەوان هەڵمەتیان دەبردە سەر دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس .

لەکۆتایی ئەم وتارە کورتەدا لەمەڕ ساڵیادی ڕاپەڕینی بەهاری91 دا، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زۆربەی هەرەزۆری حزب و ڕێکخراو و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان کەم تا زۆر بەشداربوون لە ڕاپەڕیندا، بەڵام جەماوەری کوردستان بەگشتی و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەش و پشکی شێریان تێیداهەبوو. بەکورتی ڕاپەڕین بەرهەمی خرۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو لە دەوروکاتێکی دیاریکراودا.
هەرلێرەدا جێی خۆیەتی پەیامی ڕێزو وەفا بنێرین، بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە ژیانیان لەپێناو ئازادی وسەرفرازیدا بەخشی و بەرامبەر بە یەکێک لە دڕەندەترین ڕژێمەکانی سەردەم جەنگان تا دوا هەناسە.

لەوکاتەوە تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان چەندین ئەزمونی جۆراوجۆری دیکەی تێپەراندوە وگەشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە . ئەمرۆ ئەو کۆمەڵگەیە لەهەموو سەردەمەکانی پێشوو هۆشیارترە و باش ئەزانێت، کە لەسەر خوێن و بەرهەمی ڕەنجوخەباتی ئەوان چی ئەکرێ وچی ئەبرێ و چیش ئەگوزەرێت؟
ئەمرۆ لەژێرسایەی دەسەڵاتی کوردی و حکومەتی جمکانەی خۆماڵیدا، زۆربەی زۆری خەڵکی لە بێمافی کۆمەڵایەتی، ڕشتەیی، ڕەگەزی وە ئاستێکی گوزەرانی نزمدا ژیان بەسەردەبەن . دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی ناڕەوا و بێپەردەو لەژێرپەردەوە سەروەتوسامانی خەڵکی کوردستان دیزە بە دەرخۆنە ئەکەن و تەنانەت هێندەش بە خەڵکی ڕەوا نابینرێت کە مافی ئەوەی هەبێ و لێگەڕێن بپرسێت و بڵێ بۆ وا لەخۆمان و چارەنوسمان ئەکەن ؟
لەباری سیاسیشەوە لەم چەند ساڵانەی دەسەڵاتی کوردییدا بەردەوام هەوڵی خڵافاندن و بێ ئیرادەکردنی جەماوەریان داوەو ویستویانە لەهەمووکایە سیاسییەکاندا لە چاوەڕوانی و بێ ئومێدیدا بیانهێڵنەوە .
بەپشت بەستن بە ئەزمونی کۆن و نوێ، ئەمجارە جەماوەری کوردستان لەبەردەم شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی وخۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وخرۆشانێکی تازە قەراری گرتوە . لەپارساڵیشدا بەکردەوە لە بەشێکی زۆری کوردستانداو بەهەرجۆرێک بۆی لوابێت ،هێز و ڕێکخراوبوونی لە خۆی نیشان داوە و داوای مافە سەرەتایی و ئینسانیەکانی خۆی ئەکات و نایەوێت هیچی دیکەی بەسەردا تێپەڕێت .